شاندەکی پەرلەمانی عێراق سەردانی ئێران دەکات بۆ دەزێنەوەی ئەو منداڵە ونبووانەی شاری هەڵەبجە

چرۆ حەمەشەریف، پەرلەمانتاری یەکێتیی لە ئەنجووماڵنی نوێنەرانی عێراق لە لەدوانێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند: "دەسپێی منداڵە ونبووەکانی شاری هەڵەبجە لە ئەنجووماڵنی نوێنەرانی عێراق بەرزکردەوە و بەیاردرا شاندێکی پەرلەمان لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکان سەردانی کۆماری ئیسلامی ئێران بکەن بۆ دەزێنەوەی ئەو منداڵە ونبووانە".

ئەو پەرلەمانتارە دەشێت: لەسەر داوای ئەمە کۆبوونەوەیەک لەنێوان دەزگای شەهیدانی فیدراڵ و وەزارەتی ناوخۆ و وەزارەتی دەرەوە و وەزارەتەکانی تەندروستی و شەهیدان و ئەنفالکراوەکان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان و کونسوڵخانەی ئێران ئەنجامدرا بۆ تاوتوێکردنی دەسپێی منداڵە ونبووەکان بەگوێرەی، ئامارەکانمان 74 خێزان چاوەڕێی دیاریکردنی چارەنووسی منداڵە ونبووەکانیان دەکەن کە ژمارەیان 211 منداڵی بەسەروشوێنن کە لەکاتی بەردومانکردنی شاری هەڵەبجە بە چەکی کیمیایی لە ساڵی 1988 چوونەتە کۆماری ئیسلامی ئێران.